# بەرەو دادگایکردنی سێکس لە دژی منداڵ لە تەلەفزۆنە کوردیەکاندا ..

## نەوزاد عەزیز

ببورن . من دەڵیم تەلەفزیۆنی کوردی . بەڵکو دوکانی ڤیدۆ . چونکە ئەمانە کۆمەڵێ خەڵکانن کە سادەترین بنەماکانی ڕاگەیاندن نازانن . بانگی ئازادی دەدەن و باس لە یاسا دەکەن ، کەچی بەهەموو یاسایەک شایستەی سجنی ئەبەدی و لە سێدارەدانن .

بە کورتی من ئەمشەو سەیری کەناڵیکی کوردیم کرد . بۆیە ناوی ناهێنم چونکە هەموویان لەم بابەتەدا هاوڕا و یەک بیرن و حەزی بەرپرسەکانیانە وابێت . ئەویش هاندانە بۆ مومارەسەی سێکس لەگەڵ منداڵی خوار هەژدەساڵ . ئەمە بەپێی هەریاسایەکی ئەورویی – بەقسە یان دەنگ یان ڕەنگ و هەموو هۆکارێکی دیکە هاندان یان وروژاندنی سێکسی بۆ خوار هەژدە ساڵ بکەیت — زیندانی و سزای گەورەی لە دواوەیە .

گەر شایەرە کوردەکان و هونەرمەندە گەورەکانمان بەسەرخۆشی ببوبێت یان بە شزووی سێکسی خەزیان لەم جۆرە سێکسە ببوبێت . ئەوا نابێت حەیتە ڕەپکەین و ئاخ و ئۆف بۆ ئەو خونچە ناسکانە بکەین کە سێکسیی وەحشیگەرانەی کەناڵە کوردیەکان باسی دەکەن و ئاساییانە لە چۆکمانەوە خاڵی بکەینەوە .

پێتان سەیر نەبێت هەموو گۆرانی کوردی لە سەر هەرزەکاری چواردە ساڵە . من بێ بەریم وەک کوردێک لەو کەلتورەی لاقە و دەست درێژکردنە سەر منداڵی چواردە ساڵ حەڵاڵ دەکات.

تف .. لەوگۆرانی بێژانە و فۆلکلۆری کوردیش کە بە سمێڵ و ناوکەڵێکی بۆگەناویەوە ئەو پەریەیە ساغ و بە ئەمەک و جوانانە پیس دەکەن کە لە ڕشانەوەی ئارەق خۆرە بەربادەکان دەچێت .

نەعلەت لە فۆلکلۆری ملەتەکەم کە کچی دوانزە و چواردە ساڵ دەکاتە گۆرانی هەڵپەڕکێ جێی وروژاندنی سێکسی حەیوانانە و لە نوێژیشدا درووود بۆ خوا دەکات . ئەوانەی لە پشت وتنەوەی ئەم گۆرانیانە و بڵاوکردنەوە و وتنیەوەن ، لە مرۆ بەدواوە دەبێت دادگای بکرێن . کەناڵە کوردیەکانیش لە بری ئەم گۆرانیانە فلمی ڕووتمان بۆ بەخش کەن لەو بەکارهێنانە سێکسی‌یەی منداڵ و هەرزەکان باشترە ... دەنا بەخشەکانتان بە پێی یاساکانی وڵاتانی ئەوروپا و بە هاریکاری کوردە منداڵ پارێزەکان دەبێتە خشەخش و مێرووڵەی جامانەکانی مەسعود و جەلال تاڵەبانی .

وەی لەو بێ شەرمیە گەر بە هەوڵی دڵسۆزان ئەم کەناڵانە لە بەر هوروژاندنی سێکسی لە دژی منداڵ دابخرێت . وەی لەو خەجالەتیە کە کورد لە کۆمیساریەتی ئەورپی لە بەر سێکسی منداڵ بازی تاوانباربکرێت . وەی و وەی و وەی لە ڕۆژی حەشەری هەتیوبازەکانی سەرکردایەتی و بن کردایەتی و دەست درێژکارانی سەر مناڵ . تۆ بڵی سۆسیال دیموکرات عەفوومان کات

دەی بە نەعەلەت بن ناوکەڵ بۆگەنەکان ...ئعلامی‌ی شزووزەکان نەعلەت لەوانەی گۆرانی بۆ ئەو ناسکە پاکانە دەڵین کە هێندەی هاوتەمەن و هەستی خۆیان نیین....